# فەلسەفەی جەستە
# لەڕۆمانی ئەژدیهادا

لێکۆڵینەوە: سۆزان مامە

# ناوەرۆك

_ پێشەکی
_دەروازە
_کەسێتیی لەبنیاتی هونەری ڕۆماندا
_ڕۆڵی کەسێتی لەبنیتنانی ڕۆمانی( ئەژدیها ) دا
_میکانیزمی جەستە لەڕۆمانی( ئەژدیها )دا
_بە پڕۆسەکردنی سێکس لای کەسێتییەکانی ( ئەژدیها )
_ئە نجام
_سەرچاوەکان

# پێشەکی

لەگەڵ ئەوەی هونەری نووسینی رۆمان لە چاو ژانرەکانی تری ئەدەبدا هونەرێکی نوێیە , بەلاّم نیکۆڵی لەوە ناکرێت کە بڵێین میللەتی کورد خاوەنی ئەم جۆرە ئەدەبە نییە , بەڵکو وەك ژانرێکی تازە لە دایك بوو , رۆمانی کوردیش توانیویەتی ناسنامەی خۆی دیاری بکات . ناکرێت لێرەدا باس لە مێژووی ئەم ئەدەبە بکەین , چونکە باسەکەمان توێژینەوەیەکە لە سەر یەکێك لەو بەرهەمە ئەدەبیە ناوازەیەی ( محمد موکری ) رۆماننووس کە لەم بوارەدا جێ پەنجەی داهێنانی دیارە هەر وەك لەتیف هەڵمەت دەڵێ: موکری لە بینا سازی رۆماندا لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەڕوات , بۆیە بینایەکی خۆماڵی بە کەرەسەی نوێ دروست دەکات ،دەبینین بابەتی ناو رۆمانەکانی هەڵقولاّوی کێشەو قولاّییەکانی کۆمەڵگەی کوردین .

ئەوی باسەکەی ئێمەش تیشکی دەخاتە سەر رۆمانی ( ئەژدیها ) یە کە چاپی یەکەمی لە ساڵی 1988 لە چاپخانەی زاموا لە سلێمانی بلاّوکراوەتەوە , دواتر ئەم رۆمانە چاپی دووەمی لە ساڵی 2005 لە چاپخانەی ( سیما ) لە سلێمانی چاپ کراوەو پاشان لە لایەن ( نەبەز کەمال )ەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی و هەر لە ساڵی ( 2005 )دا بلاّوکراوەتەوە .

لەسەر هەر رەگەزێك لە رەگەزەکانی بونیادی هونەری ئەم رۆمانە هەڵدەگرێت توێژینەوە لە بارەیەوە بکرێت .

بۆیە هەڵبژاردنی بابەتەکەم لە ژێر ناوی ( فەلسەفەی جەستە لە رۆمانی ئەژدیهادا ) بۆ ئەو رەگەزە گرنگەی رۆمان دەگەڕێتەوە کە کەسێتیەو هەموو کارو کردەکان لە جەستەی ئەوانەوە هەڵدەقوڵێ و دەست پێدەکات .

لە رووی سنووری باسەکەوە وام بە باش زانی کە گفتوگۆی کەسێتیەکان لەگەڵ هەندێ لایەنی تەکنیکی رۆمانەکە بە پشت بەستن بە رێبازی شیکردنەوە وەربگرم .

بە پێی ئامانجی باسەکەش توێژینەوەکە بەم شێوەیە دابەش کراوە , کە پێکهاتوە سەرەتا لە دەروازەیەك کە باس لە پەیوەندی وابەستەیی جیهانی رۆمان دەکات بە جیهانی واقیعی و دواتر ناوەرۆکی باسەکە دەست پێ دەکات و بەسەر چەند سەر ناوێکدا دابەشمان کردووە ئەوانیش بریتین لە :

- کەسێتی لە بنیاتی هونەری رۆماندا , لێرەدا باس لە رۆڵ و پێکهاتەی ئەم رەگەزە دەکەین بۆ بنیاتنانی هونەری رۆمان و کاریگەریی لەسەر رەگەزەکانی تری رۆمان .
- رۆڵی کەسێتی لە بنیاتنانی رۆمانی ئەژدیهادا . کە باس لە شێوازی دەرخستنی کەسێتیەکانی ئەژدیها دەکرێت, کە بە چ جۆرێك رۆماننووس بە مەبەستی خستنە رووی ئاکارو رۆڵی کەسێتیان پێشکەشی کردوون .
- میکانیزمی جەستە لە ئەژدیهادا . باس لە گرنگی جەستە دەکات لەمەڕ دروست بوونی رووداوەکان و گرێچن کردنی رووداوەکانی ئەژدیهاو جەستە چ مانایەك دەخوڵقێنێت .
- بە پرۆسە کردنی سێکس لای کەسێتیەکانی ئەژدیها . لێرەدا باس لە کردەی سێکس دەکرێت کە بۆ هێنانەدی چ ئامانج و مەبەستێکە کاتێك کەسێتیەکانی ئەژدیها پیادەی دەکەن .

لە کۆتایدا چەند ئەنجامێکمان بە دەست هێناوەو گەیشتووینەتە ئەوەی کە لە ئەژدیهادا بەکاربردنی جەستە بۆ چ مەبەستێکەو پێوانەکەشی چۆنە

# دەروازە

ژیان هەڵقولاوی کۆمەڵێك روداو و ململانێیە کە لە ڕێی ژانرەکانی ئەدەبەوە دەتوانرێت دەربڕرێت،ڕۆمانیش وەك ژانرێك ڕۆڵی بالاٌ دەبینێت لە دیاریکردنیدا،چونکەکەرەسەی دروستکردن و بنیاتی خۆی لە سروشت ودەوروبەرەوە وەردەگرێت،ئەم هونەرە بە گەورەترین فۆرمی هونەرەکانیتری ئەدەب دادەنرێت((تواناى وێنە گرتنی گەورە لەسروشتی کۆمەڵی هەیە،هەروەها لە"ساختمانە هونەرێکەیدا "شێوازی دەربڕینیهۆنراوەیی وچیرۆکیو درامیبە خۆیەوە دەگرێ و وێنەگرتنی کۆمەڵیبۆ زیاد دەکات و ویژدانی مرۆڤ وئارەزووەکانی وچارەنوسی دەردەبڕێ))"1".بەم پێیە پەیوەندی ڕۆمان پەیوەندییەکی وابەستەیە (( مادام ژیان کۆتایی نایەت ، شێوە و چۆنییەتی نووسینی ڕۆمانیش لە بن نایە ، چونکە جیهانی ڕۆمان جیهانی ژیانە بەواتا ڕییالیست و لە ڕیالیست چووەکەی مرۆڤ و کۆمەڵ ))

"2". لێرەوە رۆمان زەمینەیەکی فراوان خۆش دەکات بۆ فۆرمەلەکردنی گرفت و ئەندێشەی مرۆڤ، کە لای مارکیز ئەندێشە هۆکارێکە بۆ ئامادە کردنی واقیع تاکو ببێتە هونەر . بە هەمان شێوەش ( ئەنایس نن ) کە خاوەنی کتێبی رۆمانی ئاییندە یە لەو باوەڕدایە کە خەون و هەڵچوونە خودییەکان رۆڵی دیارو بەرچاویان لە پێکهاتەی ڕۆمانی نوێدا هەیە ... نووسەری سەرکەوتووشی پێ ئەو نووسەرەیە کە کەڵك لە خەون وەردەگرێ بە مەرامی ئاوێتە کردنی بە ژیانی رۆژانەی پاڵەوانەکانی . * 1

کەواتە ڕۆماننووس لەنێو لا پەڕەی ڕۆمانەکەیدا ژیان دەخولقێنێ ئەم تاکە کەسێکە کە کەسێتییەکانی دەجولێنێ و رۆڵیان دەداتێ ، دەبێ بە شێوەیەکی وا دەریان بخات خوێنەر بە بایەخ و تامەزرۆوە گرنگی بە ڕۆمانەکەی بدەن ، ئەمەش بێگومان نهێنی بابەتی نووسراوە چونکە ڕۆمان لە ژانرەکانی تری ئەدەب بەوە جیادەکرێتەوە کە بۆ خوێندنەوەیە بەلاّم هۆنراوە بۆ وتنە لە کاتێکدا ڕۆمان پەیوەندی خۆی لەگەڵ سینەمادا دەتوانێ گرێبدات . لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ڕۆمان لە بنچینەدا بروانامەیەکی ڕامیاری یان کۆمەلاّیەتی یان ئایینی نییە ، بەڵکو ( چیرۆکێکە ) بە مەبەستی تەسەلادان ، ئەگەر ڕۆمان باش بێت ، ئەوا یارمەتی خەڵکی دەدات کە لەیەکتری بگەن ، چونکە بە سۆز و ڕەچاو کردنەوە دەنووسرێت" 3 " ، بە پێی ئەو پێناسەیەش کە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا هاتووە ، ڕۆمان (( گێڕانەوەیەکی خەیالاّوی پەخشان ئامێزە ، حیکایەتێکە درێژییەکی دیاری کراوی هەیە )) " 4" . لە سۆنگەی ئەو پێناسەیەوە وێنەی کەسێتیی و ئەو هەڵسو کەوتانەی تێدا دەگیرێ کە ژیانی ڕاستەقینە بۆ ڕابردو و ئێستا دەنوێنێ ، لەسەر شێوەی ڕایەڵ چنێکی ئاڵۆز ، هەر چەندە کەسەکان و ڕووداوەکانی خەیالاّوین وەك لە پێناسەکەوە دەردەکەوێت بەلاّم بە هەر مانایەك بێت وێنەی ژیانی ڕاستەقینە دەنوێنێ بۆیە لێکچونێکی بنەڕەتی لەگەڵ واقیعدا هەڵدەگرێت. "5 "

لێرەوە دەچینە ناو دنیای ڕۆمانی ئەژدیها و تیشك دەخەینە سەر بنیاد و تەکنیکی ڕۆمانەکە .

## كەسێتیی لە بنیاتی هونەری ڕۆماندا :

هەر وەك چۆن كەسەكان لە واقیع دا بە سەرچاوە و بزوێنەر و درێژە پێدەری ژیان دادەنرێت و ڕۆڵی جیاجیا و بەرچاویان هەیە ، بە پێی باری سایكۆلۆژی و كۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئەو ژینگەیەی تیادا دەژین ، هەریەكەیان دەبنە خاوەن كەسێتیی خۆیان ، بەهەمان شێوەش (( كەسێتیی جێگایەكی گرنگ لە بنیاتی فۆڕمی ڕۆماندا داگیر دەكات و بە پێكهاتەیەكی سەرەكی هونەری ڕۆمان دادەنرێت لە پاڵ پێكهاتە هونەرییەكانی تری وەك گێڕانەوە ، كات ، شوێن ، گفتوگۆ .... كە هەریەك لەو پێكهاتانەش پەیوەندییەكی بەتینیان بە كەسێتییەوە هەیە . هیچ ڕۆمانێك بەبێ كەسێتیی نابێت ، كە جڵەو گێری ڕووداوەكانێتی و ڕێڕەوەكانی ناوی ڕێك دەخات )) . "6" هەر ڕۆماننووسێك مامەڵەی جیاواز لەگەڵ ئەو هونەرانەدا دەكات و دەبێتە هۆی جیاوازی نووسینی ڕۆماننووسان كە سەرنجی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی

ڕۆمانەکەی ، بە هۆی ئەو پێکهاتە هونەرییانەوە ڕادەکێشرێت ، بەتایبەتی کەسێتیی چونکە ڕۆمان (( وێنەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی دەست نیشان دەکات کە کەس وەك بڕبڕەی پشتە تیایدا وەك ئەو هێزە هۆشیارە یە کە لە دەوریا هەموو شتێکی بوون دەسوڕێتەوە )) . "7" بە مجۆرە ڕۆماننووس دەبێتە خاوەنی ئەفراندنی کەسێتیی کە کەسێتییەکی ئەدەبی و هونەری دەخولقێنێ ئەمەیە کە کەسێتیی بە پێکهاتەیەکی هونەری ڕۆمان دادەنرێت ، چونکە ئەو جیهانەی ڕۆمان نیشانی دەدات دەست کردە و بە دەستی کەسێك دروست دەکرێت . کەواتە دەبێت نووسەر بەجۆرێك ناچارمان بکات تا پێ بنێینە نێو ئەم جیهانەو لەگەڵیدا بچینە پێش . عەبدوڵڵا سەراج دەڵێت : (( هەڵەیە ئەگەر بە چاوی واقیعی و ئاسایی تەماشایان بکەین . جا ئەگەر لێکچونی لەگەڵ ژیان هەبێ یان نا )). "8" بەڵام وابەستەییەك لە نێوان کەسێتیی ڕۆمان و کەسێتیی مرۆیدا هەیە چونکە کەسێتیی مرۆیی سەرچاوە و هەوێنە بۆ ڕۆماننووس ، بەهەمان شێوە کەسێتیی ناو ڕۆمانیش کە بە هۆی چەند هێڵێکی جیاوازەوە دەردەکەوێت لە ڕێگەیەوە دەرخستنی ماهیەت و بەهای کەسێتیی مرۆییەو لایەنە شاراوە و نادیارەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەکات .

## ڕۆڵیکەسێتیی لەبنیاتنانی ڕۆمانی ئەژدیهادا :

لە نێو ڕۆمانی ئەژدیهادا هەست بەوە دەکرێت کە لەبەردەم دوو دەقدا وەستاویت و بە ئەڵقەیەك ئەو دوو دەقە دەبەسترێن بەیەکەوە ئەو بەستنەوەیەش بەهۆی کەسێتییەکەوەیە ناوی ( زێڕین ) ە، کە (( سەرچاوەی گشت پرس و کێشەکانە بنیاتنەرو ئەندازیاری ڕۆمانی ( ئەژدیها ) یە . ئەژدیها لە ( زێڕین ) ەوە دەست پێدەکات و بە ( زێڕین ) یش کۆتایی دێت ... )) . "9"

دەقی یەکەمی ڕۆمانەکە بە دەسپێکێکی ئاسایی دەست پێدەکات و تا لاپەڕە ( 26 ) دەقێکی واقیعیانەی لە خۆ گرتووە ، هەرچی دەقی دووەمیشە کە ئەفسانەیە لە لاپەڕە ( 27 ) ی ڕۆمانەکەوە دەست پێدەکات

،بەڵام مو كری بەمەبەستی ئاوێتەكردنی هەر دوو دەق هەوڵی داوە لەیەك دەقدا كۆیان بكاتەوە و چەندین وێنەی هاوبەش وكەشی لێكچووی بۆ بنیاتنانی چەند تەوەرێك ئامادە كردووە . كە بەلای ئێمەوە نەیتوانیوە جەستەی دەقەكە لە دوو لەت بوون بپارێزێت ، بە ئاسانی هەست بەو جیاكاریە لە ڕۆمانەكەدا دەكرێت . " 10" هەرچەندە درێغی ناكرێت كەڕۆماننووس تەكنیكێكی ناوازەی لەسەر ئاستی گێڕانەوەی ڕۆمانەكەدا بەكارهێناوە .

كەلە ئەژدیهادا سێ ئاستی گێڕانەوە جیادەكرێنەوە هەریەكەیان پەیوەستە بە ڕێڕەوی تایبەتی زمان و كەسی چیرۆكگێڕەوە . ئەگەر بڕوانینە بەشی واقیعی ڕۆمانەكە چیرۆكگێڕەوەی سەرەكی كەسێكە زیاتر بەدەنگی ڕۆماننووس قسە دەكات و ئاگاداری ڕووداوەكانی دونیای كەسێتییەكانە ، بەڵام لە بەشەكانی ئەفسانەكەدا دابڕانێك لەگەڵ چیرۆكگێڕەوەی سەرەكی دروست دەبێت . ئەوەی دابڕان لە ڕەوتی گێڕانەوە بەرپا دەكات وپرۆسەی گێڕانەوە دابەش دەكات بەكارهێنانی كرداری ڕانەبردووی ( دەڵێن ) ە ، كە هێنانەوەی ڕابردووە بۆ ئێستای ڕۆمانەكەو لەگەڵ هەر ( دەڵێن ) یَكدا دابڕان دەخاتە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەكە . لێرەدا جێگۆڕكێیەك ڕوودەدات لە مەر ئە نجامدانی پرۆسەی گێڕانەوە ، پرۆسەی جێگۆڕكێ لە نێوان چیرۆكگێڕەوەی تاك و چیرۆكگێڕەوەی كۆدا كە هەموو بارستایی ڕۆمانەكەی گرتۆتەوە و بەگوێرەی بەش و پەرەگرافەكانی ڕۆمانەكە دابەشكراوە )). "11" هەرچی ئاستی سێیەمی گێڕانەوەشە لەلایەن كەسێتیی ( كەریم ) ەوە كە كەسێتییەكی سەرەكی ڕۆمانەكەیە دەبێت . تایبە تمەندی ئەم كەسێتییە لەوەدایە هێڵی گوتنەكانی ئاراستەی كەسێتیی زێڕین دەكات . كە پتر هەوڵدانە بۆ دیالۆك كردن لەگەڵیدا ، بەلای كەریمەوە زێڕین پیرۆزترین بونەوەرە كە خەم و ڕووداو سەربوردەكانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە .

بە مجۆرە دەرخستنی ڕەفتارو ئاكاری كەسێتییەكان بەهۆی ئەو سێ ئاستی گێڕانەوەیەوە دەردەكەوێت ، كە ڕۆڵێكی گرنگیان لە پێشكەشكردنی كەسێتییەكاندا هەیە ، ڕەفتاری ئەو كەسێتییانەی لە دەقە واقیعیەكەدا هەن بەهەمان شێوەش لە ئەفسانەكەشدا هەیە بەتایبەتی وێنە سێكسیەكان.

بەهۆی هەر سێ ئاستی گێڕانەوە وە ڕۆماننووس بۆ پێشكەشكردنی كەسێتییەكانی ناو ئەژدیها بە مەبەستی دەرخستنی كەسێتییان سوودی وەرگرتوە و هەر دوو ڕێگای شیكاری و نواندنی بەكارهێناوە .

مەبەست لە ڕێگای شیکاری ئەوەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەسێتییەکە پێشکەشدەکرێت ، ڕۆماننووس بەهۆی چیرۆکگێڕەوەوە یان بەهۆی کەسێتییەکی تر کە ئەرکی گێڕانەوەی لەسەرە (( کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکەی لە دەرەوە وێنە دەگرێت و ئامانج و سۆز و بیر و بۆچون و هەستیان شیدەکاتەوە لەگەڵ بەدواداچوونی هەندێ لە هەڵسووکەوتی کەسێتییەکان ... کە زۆر جاریش بیرو بۆچونی خۆیمان بێ پێچ و پەنا دەداتێ )). "12" لەم ڕێگەیەدا ڕۆماننوس ڕێگە نادات کەسێتییەکان خۆیان خۆیان بناسێنن و بیرو بۆچونەکانی خۆیا نمان ڕاستەوخۆ پێبدەن ، ئەم ڕێگەیە لە ناساندنی کەسەکانی ئەژدیهادا دەبینرێ ، بۆ وێنە لە پێشکەشکردنی کەسێتیی ( خاوەر و کیشوەر ) دا کە دوو کەسێتیی ئەفسانەیی ناو ڕۆمانەکەن موکری بەهۆی کۆ گێڕانەوەی ( دەڵێن )ەوەباس لەژیانیرابردووئاکاری کەسێتییان دەکات.

خاوەروکیشوەر دوو خوشك بوون، خاوەر کەتەمەنی دەگاتەبیست ویەك ساڵ بێوەژن دەکەوێت و(( هەند جوان و قسە زان و فامیدەبوو، قایل نەبووبەهەموو کەس شو بکات ))"13". بەڵام کیشوەری خوشکی کە بەتەمەن دوو ساڵ لەخاوەرگەورەتربوو دەیگووت: ((من شوناکەم من بە دەستی خۆم ، خۆم نابەسمەوە ))"14". بۆچوونی ئەم دوو خوشکەلەبەردەم چەند ئەگەرێکدا دامان دەنێت، کە خاوەر دەیەوێت شو بەکێ بکات لەکاتێکداهەر خۆی مێردەکەی تەڵاقداوە، کە لەکۆماریئەفسانەکەی موکریدا ژن سەرۆکایەتیهەموو باس ونەریت و دابێك دەکەن. هەرچەندە زۆر کەس چوونەتە لای خاوەرو پێیان گوتوەلەناو ئێمەدا نەبووە ژن مێردی خۆی تەڵاق بدات.

.بەڵام موکری بە فێڵێکی هونەریانەئەم ئەگەرەیەك لا دەکات و لەڕێگەی گفتوگۆی دەرەکییەوە لەنێوان خاوەرو کەڵوەزنیشینان بەجەسورییەوە بۆچوونی خۆی دەخاتە روو، ئەوە دەردەخات کە میراتگریئەسپەژنەو بەهەمان دەستوری پور ئەسمەر خاوەرو کیشوەر سێکس دەبێتە هاوەڵی ژیانیان وهەر بۆیەلەو ڕووەوە شانازیبەدۆستایەتی پور ئەسمەر دەکەن .

بەڵام لە پێشکەشکردنی کەسێتیی( پەری )یشدابەڕێگەی شیکاری باس لەرەفتارو چاکەخوازیو وەفاداریئەم کەسێتییە کراوە . (("پەری " ناوی تاقانەی جوتیارێکی نەدار ، جوان و ناسك ، بەدەست و برد ، قسە ڕەوان ، چەلەنگی شێر سیفەت چاك ڕەفتار و بەرز ئاکار .... )) ."15"

لەباسی ( شەرافەت ) ی دایکیشدا ڕاستەوخۆ لەلایەن چیرۆکگێڕەوە و باس لە خەسڵەتی بۆ ماوەی شەرافەت دەکات (( بێدەنگییەکەی "پەری " هەمان ئەو میراتی یە گرانبەهایە کە " شەرافەت " بووەتە میراتگری )) . "16"

هەروەها موکری لە پێشکەشکردنی کەسێتییەکانیوەك گوڵدان و ئەمنە خان و موعەزەز و فەهیمە ، لە گۆشەنیگای کەریمەوە دەیگێڕێتەوە بۆ زێڕین ، چونکە کەریم ئیعتراف لە بەردەم زێڕیندا دەکات و ڕووداوە سێکسییەکانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ کچ و ژن و خێزانی حاجی ڕەزای عەلاف دا کردوونی و بە چاوی خۆی بینیونی ، کە لەوەش تێپەڕ دەکات و باسی چەند کەسێتییەکی تری بۆ دەکات وەك ( سوهام ، هەمین ، عەیشێ ، سەلما ،. )

ڕێگەی دووەمیش کە بەڕێگەی نواندنە :

لەم ڕێگەیەدا ڕۆماننووس بێلایەن دەوەستێ و بوار و ماوە بە کەسێتییەکان دەدات کە خۆیان کەسێتی خۆیان بخەنە ڕوو جا کەسێتییەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیاری لەسەر خۆی پێشکەش بکات کە ئەمەش لە ڕێگەی گفتوگۆی دەرەکی و ناوەکی وە بە (( دیالۆگ و مەنەلۆگ)) یاخود لەڕێگەی ئەو زانیاریانەوە بێت کە لە ڕەوشت وهەڵسوکەتی کەسێتییەکەوە دەبێت ، کە بەلای ( فیلیپ هامون ) وە دەچێتە خانەی تیۆری چۆنێتییەوە ، لەسەرچاوەی ئەو زانیاریانەی دەربارەی کەسێتییەکە پێشکەش دەکرێت دەکۆڵێتەوە "17" لەم ڕێگایەدا ڕۆماننووس وا لە کەسێتییەکان دەکات (( خۆیان بدوێن و هەستەکانیان دەربڕن لە ڕێی جوڵانەوە و قسەکردنەوە ، بەو پێیەش ڕۆماننووس کەسێتییەکانی بەشێوەیەك دەخاتە ڕوو ، تا خوێنەران خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن )) . "18"

موکری بەهۆی ئەم ڕێگەیەوە هەوڵدەدات مەودایەك لەنێوان خۆی و ڕووداوەکان دروست بکات و شێوازێك بۆ قسەکردنی کەسێتییەکانی تر هەڵبژێرێت تا ڕاستگۆی لە نێو خەیاڵی خۆی بۆ ڕوداوەکان بڕەخسێنێ. ئەوەتا لە پێشکەش کردنی کەسێتی ئەسپەژن دا کە کەسێتییەکی تری ناو ئەفسانەکەیە ، بە هۆی دیمەنێکی درامیەوە وەسفی فیزیکی ئەو کەسێتییە دەکات و لایەنی سێکسی نێوان ئەسپەژن و خدرەزلە نیشان دەدات ، لە ڕێگەی ئاوێنەوە خدرەزلە دەڵێ : (( لە ئاوێنەدا دەمبینی کەتەیێك لەسەر پشت ڕاکشاوە ( ئەسپەژنێکی ) کەڵەگەتی سپی ، ناوقەد باریك هەندێ گۆشتن ، پرچ درێژ ، ڕووخساری سوروسپی ، سمتی ئەستور... )) . "19" ئەم وەسفە بەهۆی هێنانەوەی ئاوێنەوە کە وەك تەکنیکێکی هونەری بەکاری

هێناوە، ڕۆمانئووس هەردوو جەستەی خدرەزلە و ئەسپەژنی لەیەك كاتدا نیشان دەدات (( لەبەردەم هۆش و بیریاندا زۆر شت ڕوندەبێتەوە ، چونكە دوای ئەنجامدانی كرداری جووتگیرییەكەیان ، بەڕێگەی گفتوگۆی دەرەكی ئەسپەژن چەند پرسیارێك لە خدرەزلە دەكات و بیر و بۆچوونی دەربارەی عەشق دەردەبڕێ و بەراورد لەنێوان عەشقی لەش ( مادی ، محسوس ) و عەشقی دڵ ( ڕۆمانتیكی ـ ئیفلاتۆنی ) دەكات )) . "20" كە بەلای ئەسپەژنەوە عشقی لەش ، كە لەزەت بەخشە ڕاستگۆترە لە عشقی دڵ ، چونكە دڵ بۆ پەرستن عاشقی خۆی هەڵدەبژێری * 2 لێرە ئاماژەكانی ئەسپەژن دەردەكەوێت كە بە بۆچونی ئەو دوو تێڕوانین هەن یەكێكیان پەیوەندی بە خەیاڵ و ئەندێشە و ڕۆمانسیەت هەیە و ئەوی تریان بابەتی و زانستی و واقیعیانەیە ، بەڵام تێڕوانینی واقیعی لە ڕۆمانسیەكە بەڕاستتر دادەنێ . ئەم بۆچوون و ڕەنگدانەوەی هزرە لەلای ئەسمەر و خاوەریش دیارە كاتێك خاوەر دیالۆگ لەگەڵ كەلۆەزنشینان دەكات دان بەو ڕاستیەدا دەنێت كە لەبەرئەوە مێردەكەی خۆی تەڵاقداوە كە (( كەمپەرە !

گوتبوویان : ـ فامیدە و ئاقڵە ، بەجەرگ و بوێرە .

گوتبووی : ـ خۆمن لەگەڵ فام وعەقڵ و بوێری نانووم ! )) . "21 "

هەروەها لە دەرخستنی كەسێتیی ئەمنەخان و موعەزەز و گوڵدەران و فەهیمەشدا، هەوڵیداوە زیاتر بەڕێگەی نواندن ڕەفتاریت\ان دەربخات ، بۆ وێنە لە دیمەنێكی درامیدا دەردەكەوێت ئەمنەخان بەدزی موعەزەزەوە سێكس لەگەڵ كەریم ئەنجام دەدات ، بەڵام دوای لای موعەزەزی كچی ئەمنەخان بەرنامەكە ئاشكرا دەبێت و بەهەمان شێوە ئەویش دەبێتە كەسێك كە بەشداری ئەو پرۆسەیە دەكات بۆ وێنە لەم دیالۆگەدا دەردەكەوێت كە موعەزەز دەڵێت :

(( لە مێژبوو دەمزانی تۆ و كەریم چی دەكەن ... ئەمڕۆ تۆ واتزانی بۆ مەكتەب دەچم .. بەپەلە گەڕامەوە .. بە ئەسپایی چوومە سەربان ... كە كەریمیش هات هاتمە خوارێ ، خۆم ڕووتكردەوە لەپڕ هاتمە ژووری !

( ئەمنەخان بەبزەیەكی پڕ ماناوە گوتی !

ـ مەگەر كچی ئەمنەخان نەبی !

ـ گەر كچی ( ئەمنەخان ) نەبام ، چۆن ئەمەم لە دەست دەهات )) . "22" كەواتە موعەزەزیش هەڵگری هەمان ئەو تۆوی ڕەفتارەیە كە دایكی ئەنجامی دەدات بە هاوشێوەی كەسێتییە ئەفسانەكانی وەك خاوەر و ئەسپەژن و پوور ئەسمەر .

ڕۆماننووس بۆئەوەی پێمان بڵێت كە فەیمەخان و گوڵدەران بەزمانی خۆیان دەدوێن ، هاتووە سوودی لە زمانی گفتوگۆی ئەوان وەرگرتوە بۆ دەوڵەمەندكردنی بنیاتی هونەری ڕۆمانەكەی لەڕووی تەكنیكەوە .

(( فەیمەخان بە ڕاشكاوی بە ( ئەمنەخانی ) دەگوت :

بد ئەدام ! ئەدام بە لە ئول

ئەمنەخان بە پێكەنینەوە دەیگوت

دوغرد.. كوردلر یەلادلر

فەیمەخان دەیگوت

بوخ حەپسلاری بەلاداگرلر .. تانرەم ئوزلارنی !.. بیزمكیلردە ئەدامدلر ؟ )) ."23"

كە موكری لە پەراوێزی ئەو لاپەڕانەی كە گفتوگۆی زمانە بێگانەكەی تێدایە واتا كوردییەكەی بەرانبەر نووسیون . ئەمەش بۆ خۆی سەلیقە و وردەكاری ڕۆماننوس دەردەخات و ڕۆڵی لە بەرەو پێشبردنی پێشكەشكردنی ناساندنی كەسێتییەكاندا هەیە . بۆ دەرخستنی كەسێتیی ( شەرافەت ) یش ، ڕێگەی نواندنی لەیادنەكردوە ، كەویستویەتی لەم ڕێگەیەوە لایەنی سایكۆلۆجی ( شەرافەت ) و بیر و بۆچوون و هەڵسوكەوتەكانی و لە ژیان گەیشتنی نەخشە بكێشێ . كە (( وێنەكەش دەبێتە وێنەیەكی كۆمەڵایەتی و گشتی )) ."24" شەرافەت كە بۆكەریمی كوڕی دەگێڕێتەوە كەچۆن بە هۆی حەرەس قەومییەكانەوەلەگوندەكەیان دەركراون و بەناچاری پەراگەندەی كەركوك كراون.شەرافەت هەمیشەخەون بەگەڕانەوە بۆ گوندەكەی دەبینێ‌كە ئەمەش خەونی هەر مرۆڤێكی كوردە كە پابەندە بەزەوی و خاكییەوە شەرافەت بە كەریم دەڵێت:((كوڕم شار جێ ی ئێمە نییە.. ئێمەبێ زەوی و زراعەت،بێ مەڕو مانگا، ....،ئێمە بە ئەرزو زراعەتەوە ئینسانین"25"

شەرافەتی دایك بەلای ئێمەوەدایكی ڕۆماننوس خۆیەتی ئەو دایكەی لەگەڵ باوكیدالەئێرانەوە بەرەو عێراق كۆچ دەكەن و لەكەركوك نیشتەجێ‌دەبن،موكری دەڵێت: ((باوك ودایكم ئێرانین،ناشزانم بۆچی ڕوویان لە عێراق كردووەولە كەركوك نیشتەجێ بوون.. پێدەچێت برسێتی سۆنگەی كۆچەكەیان

بووبێ...من باوکی خۆمم نەبینیوە....))"26".ئەم گوتنەی موکری بەشێوەیەکی هونەریلە لاپەڕە 12ڕۆمانەکە دیارە.ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی ڕۆماننووس بەسەرکارە ئەدەبییەکەیەوە دیارە و موکری دان بەم راستییە دادەنێت و دەڵێت:((من خۆم دەنووسمەوە.بەختەوەری من وەك ئەدیبێ لەوەدایە، نەهامەتییەکان بوونە مامۆستام ئەو وانەیان فێرکردم کە لە هیچ زانکۆیەکدا چ کەسێ فێری نابێ))"27".بەم شێوەیە ئەزموونەکانیژیانی ڕابردووی بووەتە مۆرکێك بەتەوێڵی بەرهەمەکانی ڕۆماننووسەوە نراوە.

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆماننووس لە پێشکەشکردنی کەسێتییە ئەفسانەیی و واقیعیەکاندا هەردوو ڕێگای شیکاری و نواندنی بەکارهێناوە بەلاّم زیاتر ڕێگای نواندنی بۆ دەرخستنی خەسڵەت و ڕەفتارە زاڵەکانی ناو ئەفسانەی ڕۆمانەکە کە بەمیراتی بۆ کەسەکانی ناو واقیعی ڕۆمانەکە ماونەتەوە بەکارهێناوە .

بۆئەوەی کەسێتییەکان بە پێی خواست و ڕیتمی ڕۆمانەکە بڕۆن نەك بە پێی خواست و ئامانجی خۆی ( ئەگەر ئامانجی ڕۆماننووسیش هەبێت ! ) ، بەلاّم بەفێڵێکی هونەریانە توانیویەتی لە خستنە ڕووی کەسێتییەکاندا ئەو توانا هونەریە دەربخات . چونکە لە ڕۆمانی نوێ دا (( بەهای ئیستاتیکی بە پشت بەستن لە شێوەی خستنەڕووی کەسێتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و هەموو ئەو کەسێتییانە ڕەتدەکرێنەوە کە ئارەزوو بۆچوون و بڕوای خۆمانی بەسەردا دەسەپێنین )) . "28" هەر بۆیە لە ڕۆمانی ئەژدیهادا گفتوگۆی کەسێتییەکان ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەیە . بەتایبەتی گفتوگۆی دەرەکی ( Dialoue ) . کە قسە کردنی کەسێتییەکانە لەگەڵ یەکدا . ئەمجۆرە گفتوگۆیەش لەڕۆماندا زیاتر هەن کە فرە کەسێتیین وە فرە دەنگی تیادا دەبینرێ ئەژدیهاش بێ بەش نییە لەم فرە دەنگی و فرە کەسێتییە . کە چەند بیر و بۆچوونێکی جیاواز تێدا بەکارهێنراوە ، کە بۆ خۆی گوزارش لە ململانێی ئایدۆلۆجییەکان دەکات بەتایبەتی کە ئەژدیها پڕە لە کێشەی کۆمەلاّیەتی و ڕامیاری و ڕووداوی ڕۆمانەکە دەیخاتە ڕوو . هەر بەو پێودانە لەڕێی گفتوگۆکانەوە دەربڕینی بیر و شوێنی کۆمەلاّیەتی کەسێتییەکانمان بۆ دەردەکەوێت ، کە بەشداربوون لە دایەلۆکەکاندا . جگە لەوەش مەنەلۆگیش لە بنیاتنان و بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکاندا ڕۆڵی خۆی دەبینێ کە بەلای فوئادی مەجید میسرییەوە (( مەنەلۆژ و دونیای ناوەوەی پاڵەوان کە بڕبڕەی پشتی چیرۆکەکەیە و سەرپاکی ڕووداوەکانی لەسەر بنیات نراوە ، هێندە درێژخایەنن دەبنەوە بە گێڕانەوە . )) "29"

# ميكانيزمی جەستە لەئەژديهادا :

بەكارهێنانی جەستە وەك سونبولێك لە ئەژديهادا لە ئەسپەژنەوە دەستپێدەكات . كاتێك ئەسەدوڵڵای كوڕی ئەسپەژن دەسەڵات دەگرێتە دەست خدرەزلەی دۆستی دايكی ، ڕێی كەڵوەزەكان دەگرێتەبەر و تەلار جێدەهێڵێت لەوە دەترسێت كە ئەسەدوڵڵا بە پەيوەندييەكەی زانيبێت لەگەڵ دايكيدا ، چونكە ئەسەدوڵڵا دايكی دەكوژێت ودەرپێكانيشی دەسوتێنێت ، هەروەها باوەژنەكانيشی بە خواردنی گونی گوڵ و تەماشاكردنی جوتگيری سەگ ئەشكە نجەدەدات ، ئەمە لەلايەك كە خدرەزلە بەرژەوەندی سێكسی نامێنێت ، لەهەمان كاتدا ئەگەری ئەوە دەبينرێ كە وەك ياخيبوان ڕازی نييە بە حوكمڕانی ياساكەی ئەسەدوڵڵا ، چونكە لە ياسای ئەسەدوڵڵا دا دەبێ ژنان شەوی يەكەمی بوكێنيان لای ئەو بگوزەرێنن . ئەوەتا ( زێڕين ) كە تەوەری زيندوی هاوبەشی نێوان ئەفسانەو واقيعی ڕۆمانەكەيە ، هەمان ڕۆحی ( پەری ) يە كە لە

ئەفسانەکەدا هاتووە . لە یاساکەی ئەسەدوڵلا یاخی دەبێت ، کاتێك ئەسەدوڵلا و پەری یەکتر دەکوژن، ئەسەدوڵلا دەبێتە بەراز و پەرییش دەبێتە تەوار ، بەلای د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵەوە، موکری (( خۆی لە بیری ئەفسانەی کوردی بەدوور نەگرتووە ، زۆر باوەڕی کۆنی کوردی هونەرمەندانە بەکارهێناوە . بیری دۆنایدۆن یا تەناسوخ )) . "30" واتە گواستنەوەی ڕۆحی پەری بۆ زێڕین و سوڕانەوەی بە ئاسمانی ( گۆڕە شێر ) دا، ئەو شوێنەی کە واقیع و ئەفسانەکەی تێدا کۆکراوەتەوە وایکردوە زێڕین نموونەی وەفا و زوڵم لێکراوی پیرۆزی بێت ، لە هەمان کاتیشدا زێڕین بۆ کەریم دەبێتە مێژوو کە لە مەودای زێڕینەوە مێژووی گەلەکەی دەخوێنێتەوە ، زێڕین بۆ خۆی ناوەندی گێڕانەوەکانی ( کەریم ) ەو تەنها گوێگرە .

(( ( زێڕین ) یش

مێژووی نەنووسراوی

دەنگی نەگوتراوی

ڕەنگی نەبینراوی

وڵات و ڕۆحی وڵاتە )) . "31"

ئەمە وای کردووە کە زێڕین بەلای خەڵکی گوندی گۆڕە شێر و کەریمیشەوە پیرۆزبێت ، کە بۆ خۆی شاهیدی سەردەمێکە شاهیدی هەڵەبجە و ئەنفالە ، کە ڕاستەوخۆش دەکەوێتە بەر کاریگەری هەموو ڕووداوەکان .

کەسێتیی پوور ئەسمەریش کە لە ئەژدیهادا بەرانبەر خدرەزلەی زۆر پەڕ و بەتوانا هاتووە ، ئەویش هێمای سێکسە لە ئەفسانەکەدا هەردووکیان لەکۆتایی ژیانیاندا پێکەوە دەلکێن و دەبنە یەك جەستە . لەوانەیە ئەم ڕووداوە هەروا بەئاسانی هەزم نەکرێت ، بەڵام لەبەرئەوەی ئەفسانەکەی موکری لە دەستکردی خۆیەتی (( ڕۆماننووس وشە و گووتەی لە مێژووی ڕۆشنبیری مرۆڤەوە هەڵدەهێنجێ و تێکەڵ بە فەنتازیای دەکات و سەر لەنوێ بەشێوازی ئەدەبی هێناوێتی و گەشەی پێکردووە )) . "32 " کە خدرەزلە و پوور ئەسمەر دەمرن ، لەشکری ژنان بەسەرۆکایەتی خاوەر دەچن دیوەخانی (ئەسەدوڵلا ) ئاوەدان دەکەنەوە خاوەر دەسەلات دەگرێتە دەست . هەر چەند لەلایەن خەڵکییەوە هەندێك ڕازی بوون ، هەندێکی تریش ناڕازی . ئەمیش یاسایەکی دانابوو . لە یاساکەیدا ئەنگوستیلەیەکی زێڕ کە ناوی ( خاوەری ) لەسەر هەڵکەنرابوو ، بەهۆی ( زێوەر ) ی بەردەستییەوە پیاوی پێ تاقیدەکردەوە ئەو

پیاوەی پێ پیاو بووایە زێوەر دەینا بەنێو چەوانیەوە دەبوا هەموو شەو بچوایە ، ئەوەی پیاویش نەبووایە بەلای زێوەرەوە ئەنگوستیلەیەكی دەنا بەلای گۆنای ڕاستیەوە بۆئەوەی تا ماون ناوی خاوەریان بە گۆنایانەوە دیار بێت ئەم یاسایەی خاوەریش ئەوە دەسەلمێنێ كە وەك سەردەمی ئەسەدوڵلا ڕۆژگار خۆی دووبارە دەكردەوە و یاخیبوانیش بەرەو كەلوەزنشینان هەلدەهاتن.

لەبەشەواقیعیەكەی ڕۆمانەكەشداكەسێتیەكانی وەك (ئەمنە خان ، موعەزەز،فەهیمە،گولدەران ،هەمین،...)جەستەسەنتەریكە بۆچێژ وەرگرتن و خالیكردنەوەی هەوەسبازییان.

## بە پڕۆسەكردنی سێكس لای كەسییەتییەكانی ئەژدیها

لە ڕۆمانەكەدا ئەوەی زیاتربەتۆخی دەردەكەوێت،كردەی سێكسە كەتێكەڵ بە كەسییەتییەكان بووە،لای هەریەكە لە تاك وگروپێك بۆ هێنانەدی ئامانج و مەبەستێكە.هەر بۆیە لێكدانەوەی ئەو كەسێتییانەلە ڕووی سایكۆلۆجییەوە كارێكی ئاسان نییە ،ئاوێتەبوونی دونیای واقیع وئەفسانەكە مەودای فراوانتر لە پڕۆسە سێكسییەكانەوە وەردەگرێت و وروژاندنیكردەی سێكس تەنها بۆ راكێشان چێژ بەخشین وپابەند كردنی خوێنەر نییە،بەلكو لە پالیدا چەند پەیام و بیرۆكەیەك دەبەخشێت،((سێكس

دەبێتە ڕەگەزی بنیاتنەرو هەموو بەها مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی، غەریزەی کپکراو جێگەی ململانەیڕاستەقینەی کۆمەلایەتی دەگرێتەوەو ئۆباڵی هەمووشکست و هەرەسێك دەخرێتە ئەستۆی غەریزەیەك لە (لاشعور) دا پەنگی خواردۆتەوەو دەیەوێت دەرباز ببێ ! )). "33"

بەحوکمی ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا فرە کەسێتی هەیە بۆیە فرە ڕووداو و گرێ دەبینرێت ، هەریەك لەوڕداوو گێژاوانەیئەژدیها هەڵگری چیرۆکێکیجەستەییە.ئەسپەژنی دایکی ئەسەدوللاَ کە دەچێتە خەوی خاوەری جێگرێپێی دەڵێ(( (خاوەر) تۆ میراتگری(مێیەکانی)بەشەریەتیبۆ چەسپاندنی دەسەلاتی (مێ) لەکچانی (لوگ) حەیشەری تر بە، دەم بۆ داری مەعریفەت ببە ببینە هاوڕگەزەکانت چەند کوێرەوەرن...میوەی داری مەعریفەت بەرچاو ڕونتر دەکات،هاوڕەگەزەکانت جوانتر دەبینی،کەچ چەکێکیکوشندەیان پێیەوکەچی فرمێسك بەکاردەهێنن)). "34"

هێنانەوەیهەردوو چیرۆکی لوت وچیرۆکی ئادەم و حەوا،وەك ئاماژەیکلەو گوتنەی ئەسپەژنداوتێکەڵکردنی لەناو ئەفسانەی ئەژدیهادا،بۆ خۆیڕەنگ ڕێژی ڕەهابوونی سێکسە،کەبەلای ئێمەوە ڕۆماننووسە،کەجگەلەوەیئاگری جەنگ و شەڕوشۆڕ دادەمرکێنێوبەردەوامی دەدات بەژیان،دەشبێتە مایەی بەرهەمهێنانی مەعریفە،ئەسپەژن بەخاوەر دەڵێت: ((خاوەر گوێم بۆشلکە،من زادەی لەززەتی حەرامم،لەززەتی حەرامیش دایکی مەعریفەتە...)). "35"،بەم پێودانەلەززەتی حەرام ڕەچەڵە کیبۆ ئەسپەژن دەگەڕێتەوە.

لەوبۆسەیەیکەپور ئەسمەروهاوڕێکانیبۆ خدرە زلەی دەنێنەوە،خدرە زلە بۆ بەزم وگەمەیەکیژنانراودەکرێت،کەئەمەشبۆ یەکەمجار لەئەفسانەکەدا ڕوودەدات لەشێوەی دیمەنێکی شانۆییدا لەخشتەبردنوبەستنەوەیخدرە زلەوپاڵخستنی لەسەر پشت ودرك ئاژنکردنی ئامێری نێرینەی بەشەکرۆك،ئەمەبە میراتی بۆ (خونچە وفاتە) دەمێنێتەوە.سازدانی پرۆسەیەکی لەم جۆرە لەگەڵ ئەوەی بۆشەرمەزاربوونی پیاوانە یان تۆڵەسەندنەوەیە لەهەمانکاتیشدائارەزوویەکیسادیانەش دەبینرێت،وەك لەکەسێتیفاتەو خونچەدا ڕەنگی داوەتەوە،کە فاتە بەجەوهەر دەڵێت:((_خۆمانی پێسەرگەرم وپیاوانیشی پێزەلیل دەکەین،چ لەززەتێ بارتەقای ئەو لەززەتە نییە کە دەبینین پیاوان دەناڵێنن دەپاڕێنەوەدەگریێن..

_هەربۆ سەرگەرمیولەززەتە؟( ئەمە پرسیاری جەوهەرە )

فاتەگوتی:

نەخێربۆ ئەوەیەچیدی ئەو پیاوە لەئاست ئەو ژنانەی ئەمەیان پێکردووە، سەربەرزنەکاتەوەوچاوشۆڕیان بێ))"36"

یان فاتەو خونچە بە جەوهەر دەڵێن:

((چمان لێکردوویت، ئەمە گەمەیەکیبا پیرانە

_لەگەڵ هەمووکەسێك ئەمە دەکەن؟

_جەوهەرنە لەگەڵ غەریباندا...تەنها جارێکیش لەم ولاتەی ئێمەدا زوو لەگەڵ کەسێك ئەمە کراوە کەغەریب نەبوو ، پورئەسمەرو ژنانی دێ لەگەڵ (خدرەزلەو) وا ئەوەیان کردووە))."37"

ئەم گفتوگۆیەئەوە دەگەیەنێت لەگەڵ ئەوەی ئەم شێوازە لە پور ئەسمەرەوە بەمیراتی ماوەتەوە، هەروەها ئاماژەیەیەکیشە بۆ پەیوەندیولەیادنەچووی دانیشتوانیشێران بە خەڵکیئێستای سەردەمی ڕۆمانەکەوە: کەواتە(شێران)یش یەکێکەلەو ئەڵقانەی کەهەردوو دیوی ڕۆمانەکە پێکەوەدەبەستێت ،ئاوێتەبوونێك لە نێوان کارێکی هونەری ئەندێشە ئامێز ڕووداوی واقیعیڕۆمانەکە هەیە.

ئەگەر بچینەناو دنیای خێزانی حاجی ڕەزای عەلاف و براکەی کە(ئەمنەخان، موعەزەز، فەهیمە، گوڵدەران)ئەم کەسێتییانەهەوەسبازن و سێکسی ناباو و ریزپەڕی خۆیان لەگەڵ کەریم دەکرد.ئەگەرلەڕووی سایکۆلۆجییەوە بڕوانینە ئەم کەسێتییانە لەش برسیبوون، لە پێناو دامرکاندنەوەی ئارەزوویاندا (کەریم ) تەنها ئامێرێك بوو،کە زۆر جار کۆ سێکسی لەگەڵدەکردن بەرانبەر وەرگرتنی نیو دینارێك، کە کەریم لەم کردارە لەشفرۆشە، لەنائامادەبوونیکەریمیشدا کردەی سێکس دەگاتە ئەوبارەی لەناویەکدا سێکس بکەن(("گوڵدەران"وردە وردە(موعەزەزی) ی ڕووت کردەوە هەند بەئەسپای نەوازشی دەکرد، وەك کوڕێکی هەرزەی خاوەن تەجرەبە(ئەمنە خان )سەبرینەمابوو هاتە ژوریٚ...(گوڵدەران)

بەجۆریٚ تێکەڵی (ئەمنەخان) بوو دەتگوت مێردیەتی...))"38"

حاڵەتی لەم جۆرو بارە مەگەر تەنها لەفیلمەسێکسیەکاندا هەبێت، چونکە بەدەگمەن جیهانێکی وەك ماڵیحاجی رەزای عەلاف لەواقیعدا هەن،کە ئەمە بۆ خۆی گومانێك دروست دەکات، بەلاٚم موکری دیسان بە فێڵێك ئەم گومانەدەڕەوێنێت

بە زمانی کەریمەوە دەڵێت :(( چما باوەڕم بەو ڕۆژانە هەیە کە خەون نەبووبێ؟ ))"39".

( سهام )کەسێتییەکی تری ناو واقیعی ڕۆمانەکەیە سونبولی ئازادی سێکسەو بازرگانی بەجەستەیەوە دەکات،بەلاّم

لە ژێر بابەتی سەربەستی هەڵبژاردندا،بەو مانایەی لەبازرگانی کردن بەجەستەیەوە لەگەڵ جەوهەرو هاوڕێکانی جەوهەردا دەردەچێ پڕۆسەی سێکس لەگەڵ شوانێکدا دەکات . کە بەزمانی جەوهەرەوە وا باسدەکرێت ، کە سوهام ئۆتۆمۆبیلەکەی بە جەوهەرو هاوڕێکەی وەستاندووە (( سەیارەکەمان وەستاندووە ، سوهام دابەزی یە خوارێ ، شوانێ مێگەلی بەرەو گوند دەبردەوە دووسەد مەترێ لە جادەکەوە دوور بوو ، سوهام بە ڕاکردن خۆی گەیاندە لای ،...

مە پرسن من سەربەستم و کەیفی خۆمە .. ئەمەیان خێر بوو ئەما خێر .. ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئێوەدا گەلێ جیاوازە ، ئێوە منتان هەڵبژارد ، نەك من ئێوەم هەڵبژارد ، ئەگەر شوانە پێویستی بە پارەش با ئەوا ئەو پارەیەی لە ئێوەم وەرگرتووە ، دەمدایێ )) . "40"

لێرەدا دەردەکەوێت کە سوهام لە کرداری سێکسی یەکەمیدا هەڵبژاردن لەلای خۆی نابێت ، چونکە جەوهەرو هاوڕێکانی هەڵیانبژاردووە ، بەلاّم هەڵبژاردنی ( سهام )بۆ کوڕە شوان جیاوازییەك دەردەخات، هەرچەندە لەم هەڵبژاردنەداتەنها تێرکردنی لەززەتە سێکسیەکەیە لەم ڕووەوە،خۆشەویستی و سۆز بەمانا چاولێکەری لە ئاردا نییە،بەلاّم هەڵبژاردنەکە لەخۆیدا( مەشروعیەت ) یێك دەدا بەولەززەتانەی زیاتر لە پێویستییەوە سەرچاوە دەکرن.

(( نەعیمە ))کەسێتییەکی‌تری‌نێو واقیعی ڕۆمانەکەیە ئەو بێوەژنە حەشەریە کە لە پڕۆسە سێکسییەکانیدا لە حاڵەتێکی حەیوانی نزیك دەبێتەوە ، ( قادر ئەفەندی ) بە مجۆرە باسی ئەو دیمەنە دەکات (( لە سەر پشت لەسەر سەکۆکەدا ڕادەکشا بە هەردوو دەستی ( دەعبای ) کەرەکەی دەگرت ، لنگی خۆی بەرز دەکردەوە ، نێرەکەری واڕاهێنابوو دەتگوت ئینسانە ... )) . "41"

بوونی حاڵەتێکی وا لە ڕۆمانێکی هونەریدا پەیوەستە بەو بارە سایکۆلۆجییەی ئەم کەسێتییەی تێدا دەژی لەگەڵ بەربەستە کۆمەلاّیەتیەکانی وای کردووە ئەم جۆرە شێوازە سێکسییەی تێدابەدی بکرێت ، کەواتە بەهۆی ئەو چە پاندنانەوە نەعیمە هانا بۆ هاوارێکی حەیوانی دەبات .

بەم پێودانە دەردەكەوێت كە زۆربەی كەسێتییەكانی ئەژدیها خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە ، لەشەكان هیلاك و ماندووی یەك كێشەن ئەویش مانەوەیە ، ئەمە وای كردووە كە كەسێتییەكان ئاڵۆزیەك لە كەسێتییاندا هەبێت . لەرێگەی لەشەوە كە لەززەت بەخشە خۆیان خاڵی بكەنەوە بۆ ئەو مەبەستەی كە دەیانەوێت ، بەو جۆرە (( كاركردنی دەقی ئەژدیها لە جیاتی ئەوەی لەسەر عاتیفەی مرۆی بێت ، لەسەر جەستەیە چونكە هەموو حاڵەتە عاتفی و مەعنەوییەكانی ڕەهەندی خۆیان دەگۆڕن و ڕۆحێكی دی دێتە ئاراوە كە بە هیچ جۆرێك لە جەستە جیاناكرێتەوە))"42

لێرەدافەلسەفەی جەستە مانای خۆی دەگەیەنێت ،كە هێڵی ڕۆمانەكەی لەسەر دەڕوات و لەڕێی بیرو بۆچوونی كەسێتییەمیراتگرەكانەوە دەیانەوێ سروشتی نێرو مێ ببێتەوە بەیەك وبەو مەبەستەی ئیتر شەڕو ئاژاوەی نێوان مرۆڤەكان نەمێنێ.

# ئه نجام

دوای ئەوەی ناونیشانی باسەکەمان ( فەلسەفەی جەستە لەرۆمانی ئەژدیهادا ) دیاریکرد، کە لێدوان و باسکردن لەبارەی ئەم ناونیشانە زۆر هەستیارەو وردبوونەوەی زیاترو نووسینی زیاتری دەوێت، بەلاّم لەسنووری باسێکی وادا هەر ئەوەندە دەکرێت، پاش توێژینەوە بە پێی سنوری باسەکە, لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا بەچەند ئه نجامێك گەیشتووین :-

* _لە پێشکەشکردنی کەسێتییەکانی رۆمانەکەدا موکری وەستایانەو هونەریانە مامەڵەی لەگەڵ لایەنەکانی تەکنیك کردووە، هەر لە ( گفتوگۆی دەرەکی، خۆ دواندن، گێرانەوەی بە کۆمەڵ، فلاش باك، تەوژمی هۆش..... )، کە بۆ زۆر لەخۆکردن لەخزمەتی دەرخستنی کەسێتیەکان و دەرخستنی ناوەڕۆکی رۆمانەکەدا کاریکردووە.

* _ئەزموونەکانی رابردووی رۆماننووس بە تەوێلی بەرهەمی ئەژدیهاوە دیارە.

* _لە ئەژدیهادا سەلیقەیەکی وورد بەکارهێنراوە، بۆ هەڵبژاردنی ناوی کەسێتیەکان، ناوی کەسێتیەکانی هەڵگری مانای تایبەتی خۆیانن، پەری ئاماژەیە کە بۆ پاکی و بێگەردی لەگوناه، تەنانەت خەڵکی ناوچەکە ( پەری ) یان هەروەك ناوەڕۆکی ناوەکە سەیر دەکرد، ئەسپەژن تەنها کەسێتییەکە کە ناوی نەبێت و نازناوەکەی ببێتە هەڵگری کەسێتیەکەی، هەروەك لەوەسفەکەشیدا هاتووە لەرووی رووخسارەوە ئاماژەیە بۆ شاژنی و بەهەیبەتی لەرووی ناوەرۆکیشەوە بۆ سەر کۆتی و پێوەند شکاندن.

فەهیمە ئاماژەیە بۆ لێزانی و مامەڵەکردن لە پرۆسەی سێکسدا کە بەلایەوە سێکس تەنها کردە میکانیکیەکە نییە، زۆر لەناوەکانی تریش وەك گوڵدەران و موعەزەزو ئەمنەخان پەیوەندیان بەشوێن و جێگەی کەسێتییەکانەوە هەیە، هەندێك لەناوەکانیش پەیوەندی بەمێژووی ئەفسانەکەوە هەیە، کە مێژوویەکی کۆنیان هەیە وەك ناوی پورئەسمەر, خاوەر...

* _وەرگرتنی دەسەڵات لای هەر رەگەزێك بێت لەرۆمانی ئەژدیهادا ئەگەر یاسایی بەڕێوەبردنی بەشێوەیەكی هەڵە بەكارهاتبیٚو دیموكراتیانە نەبێت.ئەوا ناچار وا لە هاولاٚتیانی خوٚی دەكات بەرەو شوێنی نادیاركوٚچ بكەن ,ئەملایەنە بەڕوونی لە ڕۆمانەكەدا دەركەوتووە,لەهەمانكاتیشدا نە بانگەشەیپیاوسالاری نە دایك سالاری دەكات:بەڵكو بانگەشەی مرۆڤ سالاریدەكرێت, پێكەوە لكاندنی جەستەی نێرو مێئامازەیەكە بۆ گەڕانەوەوتێكەڵبوونی هەردوو توخم,لەبەڕێوەبردنی ولاٚت و كاكاركردن بەیەكەوە تابەبەختەوەری ژیان بگوزەرێنن ,شمشێرینێرو مێهێمایەكە بۆ هێز، چونكە هێزی شمشێرەكان دەتوانن ئەژدیهاكان بكوژن بە ئەژدیهاكانی ناخیشەوە.

* _زۆرینەی سیفەتو خەسڵەتی كەسێتییە ئەفسانەیەكان بەمیراتی بۆ كەسێتییە * واقیعیەكانی ناو رۆمانەكە ماونەتەوە.

* _لای زۆرینەی كەسێتییەكانی ئەژدیها جەستە یەكسانە بەلەززەت و چێژێك دەبەخشێت ,لەم كاتەدا جەستە رشووبەڕووی گوناهبوون دەبێتەوە هەمیشەش جەستەلەنێوان ژیاندۆستیو مەرگدۆستیدا دێت و دەچێت.بە مجۆرە بەكارهێنانی جەستە زۆر چەشن لەخۆ دەگرێت و چەندین دەلالەتی هەڵگرتوە.

*_كەسێتییەكان لە ڕێگەی جەستەیانەوە لە پێناوكێشەیەكدا دەجەنگێن ,كە مانەوەیە.

# سەرچاوەکان :

**چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب , د . عادل گەرمیانی , گۆڤاری : کاروان , ژمارە :** 155 , **ساڵی** 2001 , **لا** 117 .
**ئاستەنگەکانی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا , گۆڤاری : نووسەری کوردستان , ژمارە :** 17 , **ساڵی** 1990 , **لا** 28 .
*1 **بڕوانە سیحری ووشە یان دەسپێکێکی چارەنووس ساز لە ڕۆمانی ( سەد ساڵ لە گۆشەگیریدا ) , ئاوات محمد , گۆڤاری : گەلاوێژی نوێ , ژمارە :** 26 , **ئەیلولی** 2001 , **لا** 89 – **گرنگی خەون لە ڕۆمانەکانی ئایندەدا , نورەدین ئەلسەد , ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : سەعدوڵڵا پەرۆش , گۆڤاری : نووسەری نوێ , ژمارە :** 13 , **ئاداری** 2000 , **لا** 80 .
3 . الرواية و صنعة كتابة الرواية , ترجمة : سامى محمد , دار الحرية للطباعة – بغداد , 1981 , ص 74 .
4 . **فەرهەنگی ئۆکسفۆرد** .
5 . **بڕوانە** مدخل لدراسة الرواية , تاليف : جيرمى هوثورن , ترجمة : غازى درويش عطية , مراجعة : د . سلمان دادو الواسطي , دار الشؤون الثقافية العامة , بغداد , 1996 , ص 5 , 6 .
6 . **دەستنووسی کەسێتیی ئافرەت لە ڕۆمانی کوردیدا , سۆزان عبدوڵڵا محەمەد , نامەی ماستەر ,** 2004 , **لا** 19 .

7 . شخصية المثقف في الروايات العربية السورية , منشورات : اتحاد الكتاب العرب , 2000 , www.a wu.dam.org .
8 . ڕۆمان , پێناسە ... بنەما .. تێبینی , عەبدوڵلا سەراج , گۆڤاری : کاروان , ژمارە : 108 , شوباتی 1997 , لا 92 .
9 . ڕۆمانی ئەژدیها بانگەشەی کوشتنی ئەژدیهاکانی ناخمان دەکات , گۆڤاری : دایەلۆگ , ژمارە : 25 , ئازارو نیسانی 1998 , لا 63
10 . دەستنووسی کەسێتیی ئافرەت لە ڕۆمانی کوردیدا , لا 55 .
11. هەمان سەرچاوە , لا 105 .
12 . فن القصة , د . محمد يوسف نجم , دار بيروت , طبعة 3 , 1959 , ص 98 .
13 . ڕۆمانی ئەژدیها , موکری , چاپی یەکەم , چاپەمەنی زاموا , 1998 , لا 124 , 125 .
14 . هەمان سەرچاوە , لا 126 .
15 . هەمان سەرچاوە لا 28 .
16.هەمان سەرچاوە ,لا43
17.بڕوانە المراة فى الرواية الفلسطينية 1958_1965,منشورات اتحاد الكتاب العرب,1988,www.awu_dam.org
18.النقد الادبى,احمد امين,دار الكتاب العربى,ط,بيروت,1967,ص139
19.ئەژدیها,لا77
20.دەستنوسی کەسێتیی ئافرەت لەڕۆمانی کوردیدا ,لا107
*2 بڕوانە ئەژدیها ، لا 79
21 . ئەژدیها ، لا 126
22 . هەمان سەرچاوە ، لا 118
23 . هەمان سەرچاوە ، لا 102
24 . موکری و ئەژدیها ، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، گۆڤاری : گەلاوێژی نوێ ، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ، ژمارە : 16 ، 1999 ، لا 28
25.ئەژدیها,لا96

26.سازدانی ئەرخەوان,دیمانەیك لەگەڵگەورە ڕۆمانووسی كورد محەمەد موكری,گۆڤاری: گەلاوێژی نوێ,ژمارە:11 ,بنكەی ئەدەبی و ڕوناكبیری گەلاوێژ,تشرینی یەكەمی 2003,لا73
27.هەمان سەرچاوە,لا83,74

28 . نظرية الرواية علاقة التعبير بالواقع ، منشورات مكتبة التحرير ، بغداد ، 1985 ، ص 74
29 . دیالۆگ لە پانتایی ڕۆمانی ( ئەژدیها ) ی موكری دا ، ئامادە كردنی : عەبدوڵلا ئەحمەد ، گۆڤاری : گەلاوێژی نوێ ، ژمارە : 17 ، لا 101
30 . موكری و ئەژدیها ، لا 10
31 . ئەژدیها ، لا 47
32 . دەستنووسی كەسێتیی ئافرەت لە ڕۆمانی كوردیدا ، لا58
33 . دیالۆگ لە پانتایی ڕۆمانی ( ئەژدیها ) ی موكری دا ، لا 99
34 . ئەژدیها ، لا 284
35 . هەمان سەرچاوە ، لا285
36 . هەمان سەرچاوە ، لا 114
37 . هەمان سەرچاوە ، لا 113
38 . ئەژدیها ، لا118
39 . هەمان سەرچاوە ، لا 119
40 . هەمان سەرچاوە ، لا 197
41 . هەمان سەرچاوە ، لا 257
42 . ئەژدیها ، لێكترازانی نێوان ڕۆمان و ئەفسانە ، ئازاد سوبحی ، بە دەستنووس لە دكتور فەرهاد پیربالم وەرگرت ، بەلام لە ڕۆژنامەی برایەتی بلاوكراوەتەوە .